# کۆمیدیای ساختە، ئاستەکانی تێکەڵاوبوونو جیابوونەوەی کۆمیدیا بە بابەتەکانی تەوس، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەبی کوردیدا
## ( لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی )


**پ.ی.م. مـــەهـــدی فاتـــیح عـــومـــەر**

**زانکۆی چەرموو**

**کۆلێجی پەروەردە**

**بەشی کوردی**


## پێشەکی

ئەم باسە، کە ناونیشانی (کۆمیدیای ساختە... ئاستەکانی تێکەڵاوبوون و جیابوونەوەی کۆمیدیا بە بابەتەکانی تەوس، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەبی کوردیدا)ی لەسەرە، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەی ئەدەبییە و، هەوڵێکە بۆ ناساندنی شێوە زانستییانەی بابەتگەلێکی وەك، توانج، تەوس، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەبی کوردیدا، بە هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەریان بەوەی تا چەند بە شێوەیەکی ڕاستودروست دەچنە قاڵبی کۆمیدیاوە، هاوکات هەوڵی ناساندن و ڕوونکردنەوەی دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی کۆمیدیایش دەدەین.

ئێمە دەزانین لە ئەدەبی کوردیدا بە تایبەتی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، بابەتەکانی توانج، تەوس، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ بە شێوەیەکی دیار هەن و شوێنێکی بەرچاویان داگیر کردوە، ئەم بابەتانە چ بۆ سەرگەرمی بن، یان پەند و گوزارشتکردن لە هۆشیاری، شوێنی خۆی لە ناو ئەم ئەدەبەدا کردوەتەوە و لەوێیشەوە شۆڕبوونەتەوە بۆ سەر ئەدەبی نووسراو و تەنانەت ئەدەبی نوێی کوردی و شاعیران و نووسەرانی کورد ئەم بابەتانەیان لە تێکستەکانیاندا بە کار هێناوە و ئەمڕۆ بە شێوەیەکی زانستی بێت یاخود بە هەڵە، ئەم ئەدەبە خۆی بە کۆمیدیا ناساندوە، هەر بەوەیشەوە نەوەستاوە، ئەو شێوە بەکارهێنانە لە هونەریشدا (بە تایبەت شانۆ و دراما) ڕەنگی داوەتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەرچەند دەرفەتی ئەوە نییە، بچینە سەر ئەو یەك بە یەکی ئەو تێکستانە، چ لە ئەدەبی کۆن و فۆلکلۆردا، یان لە ئەدەبی نوێدا، بەڵام بە شێوەیەکی تیۆری هەوڵ دەدەین، دوای ناساندنی زانستییانەی




کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)

e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کۆمیدیا، پێناسی توانج، تەوس، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ بکەین، ئەو کاتە دەستنیشانی ئەوە بکەین لە کوێدا ئەم بابەتانە دەچنە خانەی کۆمیدیاوە و، لە کوێیشدا بە هەڵە و نازانستی پێیان دەگوترێت کۆمیدیا.

### بواری لێکۆڵینەوەکە :

وەك پێشتر گوتمان بە شێوەیەکی تیۆری لە بابەتەکانی توانج، تەوس، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەبی کوردیدا دەکۆڵینەوە و هەوڵی پێناسەکردنەوەیان دەدەین و ئەو شێوە بەکارهێنانەیان لە ئەدەبی کوردیدا و لەوێشەوە لە هونەری کوردیدا دەخەینە بەر باس و ڕەخنە و ئەوە دەستنیشان دەکەین کە ئایا ئەم بابەتانە کۆمیدیان یان نا، بۆیە بواری توێژینەوەکە بەرجەستە نییە و سنورەکەی پەیوەندیی بە ئاگایی خۆمانەوە هەیە لە ئەدەب و هونەری کوردی و ئەو پانتاییە دەگرێتەوە کە هەستی پێ دەکەین و دەیبینین.

### هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت و ناونیشان :

هۆکاری هەڵبژاردن و گرنگیی ئەم بابەتە و ناونانی بە (کۆمیدیای ساختە) لەوەدایە، لە ئەدەبی کوردیدا لە ڕێگەی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ، جۆرێك لە کۆمیدیا بەرهەم هاتوە، بە بێ ئەوەی بە شێوەیەکی میتۆدی لە بنەما زانستییەکانی کۆمیدیا تێگەییشتبین و ئەکادیمییانە دەستمان بۆ ئەم لایەنە هەستیارەی ژیان بردبێت، هەروەها دەکرێت چەند خاڵێکی تریش وەك هۆکاری هەڵبژاردن و گرنگیی لێکۆڵینەوەکە دەست نیشان بکەین، لەوانە:

١- تا ئێستا لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا، توێژینەوەیەکی وەهامان بەرچاو نەکەوتووە، کە هەر یەك لە بابەتەکانی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و فۆلکلۆری کوردیدا بە سەر یەکەوە بکاتە کەرەستەی توێژینەوەی ڕەخنەیی و دەرەنجامی لێوە بەرهەم بهێنێت.

٢- ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بەو ئاراستەیەدا، کە هەر یەك لە بابەتەکانی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و فۆلکلۆری کوردیدا، بە شێوەیەك بخاتە بەر ڕەخنە، تا دید و تێگەییشتنمان بۆ کۆمیدیا ڕاست بکاتەوە و، خودی ئەو بابەتانەیش لەو زمانە سەرپێیە ڕزگار بکات و چیتر لە سەر ئەو وەهمە نەژی، کە دەبێت ئاوێنەی واقیع بێت، هەمان دەربڕینی میللی و باو دووبارە بکاتەوە.

٣-پشکنینی بابەتەکانی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و فۆلکلۆری کوردیدا، یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەییشتن لە هۆشیاریی تاکی کورد و ڕۆشنبیریی کورد لەو سەردەمانەی ئەو تێکستانەی تێدا بەرهەم هاتوون، لەوێیشەوە پتر واقیعی سۆسیۆلۆژی و سیاسی و سایکۆلۆژی و ئایینیی کۆمەڵگای خۆمانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

### ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

بەو پێیەی ئەم لێکۆڵینەوە لە مەبەست و ئامانجی بەکارهێنانی بابەتەکانی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی و ئەدەبی نوێ و هونەری کوردیدا دەکۆڵێتەوە و دەیەوێت بزانێت



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەچنە خانەی کۆمیدیاوە یان نا، شوناس و ئامانجی زانستییانەی کۆمیدیا دەخاتە ڕوو، بۆیە ئەو ڕێبازەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا گیراوەتە بەر، ڕێبازی ڕەخنەی ئەدەبییە.

## گرفتی لێکۆڵینەوەکە :

ئەوەی وەك کێشە و کەموکوڕیی لێکۆڵینەوەکە ئامادەیە، پەیوەستبوون و خولانەدانە لە چوارچێوەی تیۆری، ئەمەیش لەو ڕوانگەیەوە چارەسەر نەکراوە و هەر بەگرفتی لێکۆڵینەوەکە هێڵراوەتەوە، کە لە لایەك زۆریی بابەتەکانی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و فۆلکلۆری کوردیدا و زۆریی ئەو بابەتانە لە نووسینی نوێ و هونەری ئەمڕۆ لە لایەکی تر سنورداریی لێکۆڵینەوەکە بە هۆی ئەوەی بۆ پێشکەشکردنی لە کۆنفرانسێکدا یان بڵاوکردنەوەی لە گۆڤارێکی ئەکادیمیدا، ئامادە کراوە، بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە چوارچێوەی تیۆری نەیەینە دەرەوە و بە شێوەیەکی پراکتیکی کار نەکەین.

## پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە :

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین، ئەو دەرئەنجامە نێگەتیڤییانە ئاشکرا بکەین، کە ئەدەبی کوردی لە تێکستەکانیدا بە هۆی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ، بەرهەمی دەهێنێت، ئەو هۆکارانەی کە بە هەڵە و تێ نەگەییشتن و ئاگادار نەبوون لە بنەما میتۆدییەکان، بە کۆمیدیا ناسراون، لێرەوە کۆشش دەکەین کۆمیدیا ڕوون بکەینەوە، زمانی، ئاراستە و جووڵەی، هۆکاری بەکارهێنانی، دەرەنجامە تەندروستەکانی بخەینە بەر نەشتەری توێژینەوە و پاشان زمان، ئاراستە و جووڵە، هۆکاری بەکارهێنان، دەرەنجامی هەر یەك لە بابەتەکانی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی بخەینە چوارچێوەی توێژینەوە و شیکردنەوە و شوناس، تایبەتمەندی، بەراورد و جیاوازیی هەر یەکەیان بخەینە بەر باس و لەو دەرئەنجامانە ورد ببینەوە کە خۆیان وەك کۆمیدیا خستووەتە ڕوو. لەم پێناوەیشدا لێکۆڵینەوەکەمان دابەشی دووبەش کردووە کە لە هەر بەشێکدا باس لە ئاستێك دەکەین، بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم بریتییە لە (ئاستەکانی تێکەڵاوبوون) ئەوەی دیدگای ئەم بەشەیە، بریتییە لەو دۆخە تەندروست و ئاساییەی کە هەر یەك لە بابەتەکانی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ دەتوانن کۆمیدیا بەرهەم بهێنن، یان خۆیان وەك کۆمیدیا نمایش بکەن، ئەو هێڵە زانستییە دەخرێتە ڕوو کە ئەو بابەتانە بە هۆیانەوە دەتوانن وەك کۆمیدیا دەربکەون. بەشی دوەمیشمان ناو ناوە (ئاستەکانی جیابوونەوە) لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێت ئەو فۆڕم و بەکارهێنانەی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و فۆلکلۆری کوردیدا نیشان بدرێت، کە ناتوانن کۆمیدیا بەرهەم بهێنن، یاخود کۆمیدیایەکی ساختە بەرهەم دەهێنن.

دواتر ئەو ئەنجامگیرییانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێی دەگەین، بۆ بەدەستهێنانی جۆرێك لە هۆشیاری لە سەر هەر یەك لە (تەنز، توانج، جنێو، نوکتە وگاڵتەوگەپ) لە ئەدەبی کوردیدا دەخەینە ڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## بەشی یەكەم

### ئاستەكانی تێكەڵاوبوون:

ئاشكرایە كە بابەتەكانی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوكتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و فۆلكلۆری كوردیدا زۆر بەرچاو دەكەون و لە نووسینی نوێیشدا، بە تایبەت لە وتاری ڕۆژنامەگەری و شیعر و چیرۆك و تەنانەت ڕۆمانیش بە كار هێنراون و لە بواری هونەریشدا بە تایبەت شانۆ، كاریكاتێر، دراما و نواندنی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییدا ئەم بابەتانە دەبینرێن و دەبیسترێن، ئەوەیش جگە لە ئارەزوو و مەبەستی بەكارهێنەرانی و ویستی پێكانی ئامانج و زۆریی و زووگەیاندنی بە خوێنەر و بینەر و بیسەر، لای ئەو ئەدیب و نووسەر و هونەرمەندانە بۆ مەبەستێكیش بووە، یان وەها لێك دراوەتەوە كە ئەوەی بەرهەمیان هێناوە كۆمیدیایە.

تەنز كاتێك دەبێت بە كۆمیدیا، كە تەنها بۆ پێكەنین و لە پێناو پێكەنیندا نەبێت، بەڵكو بۆ مەبەستی ڕەخنەگرتن لە دیاردە خراپ و دزێوەكانی ناو كۆمەڵگا و فەرمانڕەوایی و سیاسەت و ژیانی مرۆڤ بە گشتی بێت، بۆیە پێكەنین بەرهەم دەهێنێت و بەرانبەر دەخاتە پێكەنین، بۆ ئەوەی هیچ یان كەمترین توندوتیژی و بەریەككەوتنێكی ڕەق لەگەڵ ڕەخنەلێگیراواندا دروست نەبێت، هەروەها پێكەنین كرانەوە و بە ڕواڵەت نەرمی و خۆشیی تێدا بە دی دەكرێت و وەك ئەو زمانە نییە كە بە شێوەیەكی جیدی دەدوێت، یان زبری و گریان بەرهەم دەهێنێت (گریان گەڕانەوەیە بۆ خود، بەڵام پێكەنین كرانەوەیە لە ڕووی كەسانی تر.)[1]، پێكەنین یەكێكە لە تایبەتمەندییە دیارەكانی كۆمیدیا (بابەتی كۆمیدیا ئەو كەموكورتی و لەنگییانەیە كە پێكەنین دەوروژێنن، بەڵام خستەڕووی ئەم بابەتانە تەنها بە مەبەستی پێكەنین نییە، بەڵكو لە ڕێگای پێكەنینەوە هەوڵی ڕاستكردنەوەی ئەو خواروخێچییانە دەدات، واتە پێكەنین هەوڵی چارەسەركردنی برینەكان دەدات.)[2]، ئامانجی تەنزلە ئەدەب و هونەردا گواستنەوەی خوێنەر و وبینەر و بیسەرە لە ناهۆشیاری و جۆرێك لە گێلێتییەوە بۆ هۆشیاری و ئاگادارییەك لەو دیاردە دزێوانە، ئەویش وەك گوتمان لە ڕێگەی بەپێكەنینهێنانی وەرگرەوە، پێكەنینیش بە جۆرێك بەرهەم دێت، كە نووسەر یان هونەرمەند، زمانی ڕەخنەگرتنی لە دیاردە خراپ و دزێوەكانی ناو كۆمەڵگا و سیستمی بەڕێوەبردن و سیاسەت و ژیانی مرۆڤ، بریتییە لە جۆرێك لە ئاخاوتن و جووڵە كە بە قسەی خۆش و خەندە بەرهەمهێن دەناسرێن و وەردەگیرێن. (قسەی خۆش وەك لە ناوەكەیدا دیارە، هەموو ئەو باس و بەسەرهات و دەربڕینە خۆشانە دەگرێتەوە، كە چەشەیەك بە بیسەر دەبەخشن و زەینی فراوان دەكەن، زیاتر لە جۆرێكی هەیە، هەیەتی پێكەنینهێن و هەشیەتی گریانهێنە، بەڵام بە

[1]– ثیر آضیة تووشار، المسرح وقلق البشر، ت: د. سامیة احمد اسعد، الهیئة المصریة العامة للتالیف والنشر، مطبعة الثقافة، ١٩٧١، ص١١٢.

[2]- د.جەبار ئەحمەد حسێن، بینای ساتیرا لە كورتەچیرۆكی كوردیدا كوردستانی عێراق (١٩٧٠-١٩٩٠)، چاپی یەكەم، بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، هەولێر، ٢٠١٢ ، ل٥٣-٥٤.



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەموویان خزمەت بە خەڵك دەکەن و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بەرەو سەرکەوتن و ئاسوودەیی و ئارامیی دەروونییان دەبەن.)٣

توانجیش لە پێکهاتەکانی تەنزە و کەسێك یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ئایینی، یان گروپ و دەستە و خەڵکی شوێنێك... هتد، دەکاتە ئامانج ئەوەی دەبێتە کەرەستەی ڕەخنەلێگرتنی، وێڕای لێدان لە بەهاکەی، پێکەنین بەرهەم دەهێنێت، زۆرجاریش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بە بەکارهێنانی وشەی بارگاوی بە مانای تر تیری ڕەخنەی دەهاوێت.

جنێو چەمکێکی میتافیزکییە، بریتییە لە وشە و وتەی سوك و نەشیاو کە ئاراستەی کەسێك یان سیستم و دیاردەیەك دەکرێتەوە، ئەم گوزارشتە سایکۆلۆژییە پانتایی ڕوودانی لە ناو زماندایە، واتە ئەوەی لە جنێودا ڕوو دەدات، یان دۆخی درامیی جنێو گوزارشتی لێ دەکات لە واقیعدا نییە، بەڵکو لە ژێر جەبری واقیعدا لە دایك دەبێتبەڵام لە پانتایی مەجازیی زماندا ڕوو دەدات، لەو ڕوانگەیەوە کە، برینی جەستە ساڕێژ دەبێت، بەڵام برینی زمان ساڕێژ نابێت، جنێو ئەم برینە دەکاتە جەستەوە و ئەم چەقۆیە دەخاتە کار. زۆر جاریش لە بەرهەمی هونەری و ئەدەبیدا، جێنو و ئەو کەشوهەوایەی تێیدا بەرهەم دێت، پێکەنین دروست دەکات، بۆیە هەندێ جار بە مەبەستی دروستکردنی کۆمیدیا بە کار هاتوە.

نوکتەیش دیارترین و بەهێزترین هۆکاری بەرهەمهێنانی پێکەنینە. (ئامانجی سەرەکیی نوکتە هەر لە کۆنەوە تا ئەمرۆ ڕەخنەیە، جا ڕەخنەی سیاسی بێت یان ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، چونکە خەڵکان بەردەوام لە نێوان خۆیاندا نوکتە دەگۆڕنەوە، ئەمەیش بۆ پشوودان بە دەروونی خۆیان و دەربڕینی ئەو گرێیەی لە دەروونیاندا گیری خواردوە و لە باری ئاسایی ناتوانن بیگەیەنن.)٤، هەروەها (زانایانی دەروونی ڕوونیان کردوەتەوە، کە نوکتە بەشدارییەکی باشی هەیە لە ڕەواندنەوەی غەمی تاك و ڕزگاربوونی لەو کێشانەی ڕۆژانە تێی دەکەون... لە دوای ڕۆژێکی پڕ لە ماندووبوون ئادەمیزاد پێویستیی بەوە هەیە، نوکتەیێکی خۆش بڵێ یان ببیستێ و بە هۆیەوە خۆشییەك بە دەروونی بگەیەنێ، نوکتە دەیەوێت ئەو خزمەتە پێشکەش بکات.)٥، لە دیارترین خەسڵەتیدا (نوکتە بە زمانێکی سادە و بە ڕستەیەك یان چەند ڕستەیەکی کورت بیرۆکەیەك دادەڕێژێت، بەڵام ئەو چەند وشە کورتە هەڵگری بیرێکی چڕوپڕن.)٦

گاڵتەوگەپ وەك سیفەتێکی منداڵانە دەربڕینی کەیف و خۆشیی تێدایەو گواستراوەتەوە بۆ ناو ئەدەب و هونەر، بەڵام تەنها یەك جیاوازیی گرینگ لەئارادایە ئەویش لایەنی جیدییەتە لە گاڵتەوگەپدا. گاڵتەوگەپ لای منداڵ، هیچ جووڵە و قسە و کردارێکی بە هەند وەرناگیرێت (جگە لە هەندێ حاڵەت کە دەروونشیکاران کاریان پێیەتی ) پێکەنین بەشێکی زۆر و گرینگی ژیانی منداڵە و ئەم پێکەنینەیش بەشێکی زۆری لە گاڵتەوگەپەکانییەوە

---

[٣]- د.ئیدریس عەبدوڵلا، ئەدەبی میلیی و فۆلکلۆریی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٤، ل١٧٩.

[4]-د.ئیدریس عەبدوڵلا، ئەدەبی میلیی و فۆلکلۆریی، بەرگی دووەم، ل٢٣٤.

[5]-د.ئیدریس عەبدوڵلا، ئەدەبی میلیی و فۆلکلۆریی، بەرگی دووەم، ل٢٣٥.

[٦]- د. جەبار ئەحمەد حسێن، بینای ساتیرا لە کورتەچیرۆکی کوردیدا کوردستانی عێراق (١٩٧٠-١٩٩٠) ، ل٥٨.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەرچاوە دەگرێت، ناجیدیبوونیش سیفەتی سەرەکیی گاڵتەوگەپە لای منداڵ، بەڵام هێنانەوەی گاڵتەوگەپ بۆ ناو ئەدەب (كۆن و نوێ) و هونەر، لەو خاڵەدا لە گاڵتەوگەپی منداڵ جیا دەبێتەوە، کە دەبێت کارێکی جیدی و لە ئەدەب و هونەردا پەیامێکی ڕوون لە پشت گاڵتەوگەپەوە هەیە.

ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە چۆن هەر یەك لە بابەتەکانی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا دەتوانن کۆمیدیا بەرهەم بهێنن. ئەم بابەتانە کاتێك دەتوانن کۆمیدیا بەرهەم بهێنن، کە پێکەنین تێیاندا هەر بۆ پێکەنین نەبێت و دیوێکی بەهێزی پەیامی بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردە و حاڵەتانەیان تێدا بێت کە دەیکەن بە کەرەستەی پێکەنین. ئامانجێکی کۆمیدیا گەییشتنە بە تراژیدیا (کۆمیدیای ڕەش دەتوانێت وا بکات، قاقا قاقا پێبکەنین و خوڕخوڕ بگرین، ئاخر گاڵتەجاڕییەکە خوێنی لێ دەچۆڕێت.)[7]، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا ساتیر دروست دەکەن، (ساتیر خوێنشیرینانە باس لە لایەنە تاڵەکانی ژیان دەکات و گاڵتەئامێزانە ئاوڕ لە کارەساتەکان دەداتەوە، خوازیارە لێوی خوێنەر بە زەردەخەنەیەکی تەوساوی بگەشێنێتەوە.)[8]، پێکەنین وەك دروستکەری کۆمیدیا بەشێکی زۆری پەیوەندیی بە ناخۆشی و ئازار و مەینەتییەوە هەیە، بەڵام مەبەستدارانە بەم شێوەیە گوزارشتی لێ دەکرێت (خەڵکی ساکار پێیان وایە، کۆمیدیا پەیوەندیی بە ئازارەوە نییە، وەلی لە ساتیردا، لەو دیو هەر قاقایەکی پێکەنینەوە، قوڵپی گریانێك خۆی مەڵاس داوە.)[9]، هەروەها (ساتیرا گاڵتەکردنە بە گێلی و خواروخێچی، بە بەکارهێنانی ڕیسواکردن و سووکایەتی پێکردن و کەمکردنەوە، بۆ ئاشکراکردنی لایەنی لاوازی و هەڵەی مرۆڤ)[10].

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین چەند خاڵێك دەستنیشان بکەین وەك مەرجی ئەوەی کە پێویستە لە بابەتەکانی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ دا هەبێت تا لە ئەدەب و هونەردا بتوانن بە شێوەیەکی ڕاستودروست و زانستی، کۆمیدیا بەرهەم بهێنێت:

١- تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا ئەو بابەتانەی دەیکەنە کەرەستەی پێکەنین بە کەم ناگیرێن، هەرگیز کێشەکان سادە ناکەنەوە و نایکەنە بابەتی گاڵتەجاڕی، بەڵکو بە ڕێگەی خۆیان قورسایی دەبەخشن بەو کێشانە.

٢- ڕەهەندی عەقڵی و هۆشیاری لە بابەتەکانی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ تا لە ئەدەب و هونەردا فەرامۆش و بزر ناکرێت و ڕۆشنبیرییەکی گەورە لە پشت بەکارهێنانیانەوە پێویستە هەبێت، نەك ببنە ئاوێنەیەك بۆ نمایشکردنی گەمژەیی.

---

[7]- حەمەسەعید حەسەن، هونەری نووسینی چیرۆك، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل١٠٦.

[8]- حەمەسەعید حەسەن، کاریکاتێر بە وشە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل٦.

[9]- حەمەسەعید حەسەن، کاریکاتێر بە وشە، ل٨.

[10]- د. جەبار ئەحمەد حسێن، بینای ساتیرا لە کورتەچیرۆکی کوردیدا کوردستانی عێراق (١٩٧٠-١٩٩٠)، ل٤٥.



كۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٣- بابەتەکانی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ تا لە ئەدەب و هونەردا گوزارشت نیین لە بێ توانایی لە ئاست کێشەکاندا، وەك ئەوەی هیچ ڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنیان نەبێت تەنها لە ناچاری و بێئومێدیدا پەنا بۆ سوککردنیان و کردنیان بە بابەتی سەرگەرمی و بیانکەینە کەرەستەی پێکەنین، بەڵکو ئەوەی ئەم بابەتاتە لە ڕێگەی کۆمیدیاوە دەیکەن، تەواوکەری کایەکانی تری ڕۆشنبیریین و کارێکە نەك لە نائومێدی، بەڵکو بە هیچ یەك لە کایەکانی تری فیکر تەنانەت بە فەلسەفەیش ناکرێت.

٤- تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا بەو شێوەیەن، کەکێشەکان و خواروخێچییەکانی ژیان بابەتی کۆمیدیان و مرۆڤ دەهێننە پێکەنین، نەك مرۆڤ خۆی ببێتە بابەتی پێکەنین، مرۆڤی ئەو شار و ئەو لادێ، یان بەتەمەن و یان گێل و کەمعەقڵ و گەمژە لە ڕووی فسیۆلۆژییەوە، یان منداڵ، یان زۆر ڕۆشنبیر و جیدی بکرێنە بابەتی پێکەنین.

٥- تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا مرۆڤ تێیدا تەوەری سەرەکییە و بکەرە، مرۆڤ ناکرێتە ئامرازێك بۆ نمایشکردنی بابەتی گاڵتەجاڕی، بەڵکو ئەوەی هەیە مرۆڤ کار لە بابەتی ڕەخنەلێگیراودا دەکات و دەیکاتە بابەتی پێکەنین، واتە مرۆڤ داهێنەرە نەك کارلەسەرکراو.

٦- تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا پێکەنینی بەزۆر و دەستکرد دروست ناکەن، فشار لە خۆیان و وەرگر ناکەن کە هەر دەبێت پێکەنین بێتە ئاراوە، بەڵکو ئەوە خۆیانن بە سروشتی خۆیان دوور لە هەر ئارایشتێك پێکەنین بەرهەم دەهێنن.

٧- تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا ڕووی جوانیی ژیان نیشان نادەن، بەڵکو لایەنی دزێویی ژیان نیشان دەدەن، کە ئەوەیش دەکەن نایەن دزێوییەکان شیرین بکەن و حەز و ئاواتی مانەوەیان جێگیر بکەن.

٨- تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا هۆکارن بۆ ناگوێڕایەڵی بۆ دیسپلین و دەسەڵاتی ستەمگەر، بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتی دۆگما و بیروباوەڕە دژە مرۆڤایەتییەکان و پەردەهەڵماڵین لە سەر ڕووی ڕاستەقینەیان، تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا بە شیرینی دێن و دژی ناشیرینییەکان دەوەستنەوە.

٩- تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا بە سادەیی خۆیان دەخەنە ڕوو، بەڵام سادەیییەکی فریودەرن، واتە لەودیو سادەیییەکەیانەوە جیهانێکی ئاڵۆز و تەمومژاوی هەیە، زۆر جار کاراکتەرەکانی ئەم بابەتانە بە وێنەی کەسێکی گەمژە نمایشی خۆیان دەکەن، بەڵام گەمژە نیین، بەڵکو گەمەکارێکی وریا و لێهاتوون و لە ژێر دەمامکی گەمژەیییەوە کار دەکەن و دژی جیهانێکی ناشیرین دەوەستنەوە.

١٠- تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا گوزارشتن لە تەقاندنەوەی جیهانێکی دیسپیلێنکراو و چەپێنراو، تەقاندنەوەی جیهانێك کە بەو شێوەیە بە کایەکانی تری


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

مەعریفە نەکرێت، بە زمانێکی تایبەت و خەندەئامێز، ئارەزووە چەپێنراوەکانی مرۆڤ دەهێنێتەوە کایەوە.

١١- تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا لە پەراوێزەوە دێنەوە و دێنە سەرەوە، بەڵام ئەوەیش لە خۆیاندا نیشان دەدەن وەك یاخی لە سیستم دەربکەون نە خزمەتی سیستم بکەن.

١٢- بایەخی ئیستاتیکا ئەوەیە، تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا، هەوڵ نەدات واقیع جوان بکات، ئەگەر نەیشتوانن واقیع پیشان بدەن، پێویستە وێنای جیهانێکی باشتر بکەن و لە ڕێگەی وزە شاراوەکانی خۆیانەوە کە بە کایەکانی تری مەعریفە ئەستەمە بکرێت، ئەمان وەرگر تووشی شۆك و سەرسووڕمان بکەن.

١٣- تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا، بابەتی ڕەخنەلێگیراو لای وەرگر شیرین ناکەن، ئەمانە کاتێك دەبنە کۆمیدیا کە تەنها لە پێناو پێکەنیندا نەبن، ئەویش بەوەی هەوڵ دەدەن ئەو سیستمە تێك بدەن کە سەرچاوەی ئەو ناشیرینیانەن کە ئەمان ڕەخنەیان لێ دەگرن، نەك کۆمەکی ئەو سیستمە بکەن و هەمیشە ئەو سیستمە بە پارێزراوی بهێڵنەوە تا ببنەوە بە ژینگەی ئەو ناشیرینییانە و ئەوانیش ببنە کەرەستەی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ، ئەم دۆخە سایکۆلۆژیایەك دروست دەکات تا هەمیشە دزێوییەکان بیر بچنەوە، لە نەستی وەرگردا ئەوە دەچەسپێنێت، کە خۆزگە ئەو دزێوییانە هەر هەبن و هەر ڕوو بدەن، تا ئەمانیش کەرەستەی دروستکردنی پێکەنینیان لێ نەبڕێت.

١٤- تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا بە چاوی کاڵاوە سەیر ناکرێن، کە تەنها بکرێنە خۆراکی پێکەنین، چونکە ئەمە لە دوا جاردا تەنها چێژێکی کاتی بەرهەم دەهێنێت و هەر وەك کاڵایش بە شێوەیەکی کاتی دەژی و فڕێ دەدرێتە تەنەکەی خۆڵەوە، بەڵکو تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا بۆ ئەوەی کۆمیدیا بەرهەم بهێنن، خۆیان دەبنە تەوەری سەرەکی و ئامادەبوونێکی زیندوویان دەبێت، ئەو کاتیش کە چێژ بەرهەم دەهێنن، چێژێکی کاتی نین، چونکە کاریگەری و جێکەوتەیان لە عەقڵ و هۆشیاریدا دەبێت، بە گۆڕانی عەقڵ و هۆشیاریی مرۆڤیش کارگەیگەرییەکان بە هەمیشەیی درێژ دەبێتەوە.

١٥- تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا بۆ ئەوەی کۆمیدیا بەرهەم بهێنن، پێویستە لە فەنتازیا نزیك ببنەوە، چونکە فەنتازیا دەتوانێت درز بخاتە ناو واقیعی کۆنکرێتی و جێ بە حیکایەتە پەندئامێزەکان و حەقیقەتە موتڵەقەکان لەق بکات، کە ئەوەیش ڕۆحی بەرەنگاری و دژوەستانەوەن لەو بابەتانەدا.

١٦- تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا ڕاستە بابەتەکانی لە ژیانی خەڵکەوە، لە بەسەرهات و پێچاوپێچەکانی ژیان و تاڵی و ناخۆشییەکانی مرۆڤ وەردەگرێت، بەڵام بۆ ئەوەی کۆمیدیا دروست بکەن، خۆیان لە دووبارەبوونەوە و جوینەوەی گوتراوەکان دەپارێزن، چونکە ئەگەر وا


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نەکەن ئەوا لە ئەدەبدا دەبنە زیادەمەسرەفی و چەنەبازی و زۆر گوتنەوەی بابەتی سواو و لە هونەریشدا دەبنە هەڵبەز و دابەزی جەستەیی و جوڵەی بێزراو و وەڕسکەر.

١٧- تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا بۆ ئەوەی کۆمیدیا بەرهەم بهێنن، بە شێوەیەکی جیدی ڕەخنە دەگرن، بەڵام لە هەمان کاتدا هەموو جۆرە جیدیبوونێکی ئەو سیستمە تێك دەدەن

کە بوونە سەرچاوەی دزێوییەکان و بەدبەختی مرۆڤ.

دوا جار، دوا پەیام و گرنگترین پەیامی کۆمیدیا، گەیاندنی تراژیدیایە، ئەو تراژیدیایەی لە واقیعدا دەگوزەرێت، نەك ئەوەی کۆمیدیا خۆی جارێکی تر بخولقێنێتەوە، چونکە ئەگەر ئەو بەکارهێنانانەی بابەتەکانی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و هونەردا بە پێچەوانەی ئەوە بێت کە لەو خاڵانەی سەرەوەدا باسمان کرد، ئەوە خودی ئەو پێکەنین و ئەو کۆمیدیایەی بەرهەم دێت، تراژیدیایەکی تر دروست دەکەن... تراژیدیایەك بەوەی ئەو دیاردانەی دەبنە کەرەستەی ڕەخنە بۆ بابەتی کۆمیدیا، تەنها پێکەنین دروست دەکەن و بۆ ئەوەیش هەمیشە ئەو پێکەنینە ساختەیە بەردەوام بێت، ئەو سیستمەی جێگەی ڕەخنەیە وەك خۆی دەمێنێتەوە و پایەکانی بەهێزتر دەبن و بۆ گەشاندنەوەی ئەو پێکەنین و کۆمیدیا ساختەیەیش داهێنان لە دیاردە دزێوەکانیدا دەکات.

## بەشی دووەم

### ئاستەکانی جیابوونەوە:

لەم بەشەدا بە شێوەیەکی تیۆری هەوڵ دەدرێت ئەو فۆڕم و بەکارهێنانەی تەوس (تەنز)، توانج، جنێو، نوکتە و گاڵتەوگەپ لە ئەدەب و فۆلکلۆری کوردیدا نیشان بدەین، کە ناتوانن کۆمیدیا بەرهەم بهێنن، یاخود کۆمیدیایەکی ساختە بەرهەم دەهێنن.

ئەوەی ئەمڕۆ لە نووسینی کوردیدا، جا چ وتار بێت یان چیرۆك و شیعر، بە ناوی کۆمیدیاوە دەخرێتەوە بەردەم خوێنەر، ئەوەی لە ڕاگەیاندنی کوردییەوە، لە ستوون و کاریکاتێری ڕۆژنامە و ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکانەوە بۆ شانۆگەری و دراماکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ، بە ناوی کۆمیدیاوە دەخرێتە بەرچاو و گوێی خەڵك، لە ڕاستیدا زۆرینەیان جێگەی داخن و ئەو مەبەستانەی هەیانە نەیان پێکاوە، ئەویش بەوەی تەنها گوزارشتن لە تراژیدیایەکی گەورە و هیچی تر، زۆربەیان کێشەکانی مرۆڤ سادە و ساکار دەکەنەوە، بەو هونەر و ئەدەبەی پێشکەشی دەکەن، قورسایی بە بابەتی باسلێکراوەوە ناهێڵن چجای ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت، ئەو کێشانە تەنها لەپێناو دروستکردنی پێکەنینێکی هەرزانبەهادا دەخرێنە سنورێکی وەها گاڵتەجاڕانەوە، کە لە هەر ڕەهەندێکی عەقڵی و هۆشیاری خاڵی دەکرێنەوە.

کۆمیدیا کە بە شێوەیەکی تر دەیەوێت تراژیدیا بگەیەنێت، کەچی لەم بارەدا نەك هەر تراژیدیا ناگەیەنێت، بەڵکو خۆی دەبێت بە تراژیدیایەکی تر، ڕاستە بە پێی شیکردنەوەی هەندێ لە دەروونناسان (پێکەنین لە



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەموو ئەو شتانەوە سەرچاوە دەگرن، کە دەچنە ناو چوارچێوەی سووکی و کەمعەقڵییەوە.)[11] واتە کۆمیدیا بە کاراکتەرێکی گێل و نەفامەوە دەیەوێت، بە شێوەیەکی ناهۆشیارانە باس لە کێشەیەك یان کۆمەڵێك کێشە بکات و وای دەربخات کە هیچ نازانێت و نەفامە، بەڵام ئەمانە هەموو تەکنیکی کۆمیدیان و لە ژێر دەمامکی گێلێتییەوە هۆشیارییەکی قووڵ هەیە بە کێشەکان و گەیاندنیان، کە دەچێتە سنوری سووکی و کەمعەقڵییەوە و بۆ ئامانجێکی دیاریکراوە و جۆرێك لە یاخیبوون و بەرەنگاریی تێدایە، هەر لە کۆنەوە لای فەیلەسووفان و بیرمەندان، ئامانجی کۆمیدیا بەمە دیاری کراوە و ئەو تیرەی پێکەنین دەیەوێت بیپێکێت هەر ئەمەیە (گۆرگیاس فەیلەسووفی سۆفستاییی یۆنانی پێکەنین بە ئامرازی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرامبەر دادەنێت و پێی وایە پێویستە ڕاستیی نەیارەکانمان بە گاڵتە و گاڵتەکانیشیان بە ڕاستی وەربگرین.)[12] هەروەها (شیرۆن و لۆك و کانت و شوپنهاوەر و چەندینی تر لە سەر ئەوە کۆکن، کە پێکەنین ناکۆکی و مەحاڵ و لادانە لە لۆجیك.)[13]

لێرەدا لە ژێر چەند ناونیشانێکی جیاجیا هەوڵ دەدەین ئەو ئاستانە دیاری بکەین، کە ئەوەی بە ناوی کۆمیدیاوە چ لە ئەدەب یان هونەردا پێشکەش کراوە، ئامانجی نەپێکاوە و بە شێوەیەکی نێگەتیف شکاوەتەوە:

## کۆمیدیا لە نێوان بکەر و بەرکاردا:

بۆ ئەوەی بزانین تا چەند ئەوەی بە ناوی کۆمیدیاوە لە ئەدەب و هونەردا دەخرێتە ڕوو، کۆمیدیایە یان نا، پێویستە بزانین ئەو کاراکتەرەی چ لە ئەدەب یان هونەردا کۆمیدیا دەگوێزێتەوە، بوەتە بکەر یان بەرکار، واتە خۆی کاراکتەرێکی چالاکە و بە ڕەخنەگرتن لەو سیستمەی نادادی و دزێوی بەرهەم دەهێنێت، کۆمیدیا دروست دەکات، یان ئەوە خودی خۆیەتی بوەتە بابەتی پێکەنین و لە ڕێگەی زمانی بێ مانا و جووڵەی ناڕێك و بێ ئامانجەوە پێکەنین دەخولقێنێت، خاڵی نێگەتیف ئەوەیە کە لە زۆربەی کۆمیدیای ئەمڕۆی ئەدەب و هونەری کوردیدا، کاراکتەری کۆمیدی تەوەری سەرەکی نییە و بەرکارە، کاراکتەری کۆمیدی لەمڕۆی ئەدەب و هونەری کوردیدا نەکراوەتە ئامرازێك بۆ نمایشکردنی بابەتی گاڵتەجاڕی و دژوەستانەوە بە ڕووی ئەو سیستمەی بووەتە سەرچاوەی نادادی، بەڵکو خۆی کراوەتەوە هۆکاری پێکەنین و گاڵتەجاڕی و ئەو سیستمەیش وەك سەرچاوەی پێکەنین پێگەکانی جوانتر و قایمتر کردوە.

## کۆمیدیا و گەشبینی:

بە هۆی ئەوەی کۆمیدیا پێکەنین دەهێنێتە ئاراوە، پێکەنینیش بۆ وەرگر چێژبەخشە، بۆیە ئەگەر کۆمیدیا ئەرکی خۆی بە جێ نەگەیاند و ڕەهەندە تراژیدییەکەی ون کرد، ئەوا جۆرێك لە کەیف و خۆشیی بێ بنەما و ساختە بۆ وەرگر دروست دەکات، کەیف و خۆشییەك کە دەبنە هەوێنی گەشبینییەکی ناڕادیکاڵ، گەشبینییەك کە نابێتە وزە بۆ هیچ چالاکییەکی بونیاتنەر و هیچ ئایندەیەکی گەشی نییە و بەرەو ئاسۆیەکی ڕوون هەنگاو

---

[11]– لطفي فام(د)، المسرح الفرنسي المعاصر، الدار القومية للطباعة والنشر، ١٩٦٤، ص١٩.

[12]– أرسطو، الخطابة، ت: د.عبدالرحمن بدوى، دارالرشيد للنشر، مطابع الرسالة، بغداد، ١٩٨٠. ص٢٥٥.

[13]– زكريا ابراهيم(د)، سيكولوجية الفكاهة والضحك، دار مصر للطباعة، ص١٥٠.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نانێت، گەشبینییەك كە لە سەر ئەو پایانە دامەزراوە، گوایە ژیان جوانە و خۆشییەكی زۆری تێدایە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو چێژەی لە ڕێگەی پێكەنینی ئەو بەرهەمە كۆمیدییەوە وەری گرتوە، پاسیڤیی ئەو جۆرە گەشبینییەیش لەوەدایە كە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ داوا دەكات ئەم جیهانە وەك خۆی بمێنێتەوە و هیچ هەوڵی دروستكردنی دونیایەكی باشتر نەدرێت، تەنانەت ئەو دزێویی و نادادییانەیش جوان دەكرێن كە بوونەتە سەرچاوەی ئەو بابەتە كۆمیدییە، ئەویش لەبەر ئەو بنەمایەی كە ئەوە نییە بوونە سەرچاوەی پێكەنین و بەخشینی چێژ.

ئەو ئەركەی ئەم جۆرە ئەدەب و هونەرە پێ هەڵدەستێت، نە پیشاندانەوەی واقیع و نە ئەگەری وێناكردنی واقیعێكی باشترە، بەڵكو ڕاستەوخۆ و بەسادەیی دەیەوێت واقیعێكی دزێو جوان بكات، لە كاتێكدا ئەركی ئیستاتیكا نە پیشاندانەوەی جوانیی واقیع و نە جوانكردنی واقیعە، بەڵكو ئەوەیە كە بە كەرەستەكانی خۆی جۆرێك لە شۆك و سەرسووڕمانی دروست بكات، كارێك كە بە هیچ یەك لە كایەكانی تری مەعریفە نەكرێت، ئەركی ئەدەب و هونەر ئەوەیە دزێویی و نادادییەكانی نێو واقیع پیشان بدەنەوە و دواتر ڕۆڵی ڕادیكاڵ ببینن بۆ بەرەنگاری و یاخیبوون و ڕزگاربوون لەو دۆخە.

## كۆمیدیا و سادەیی:

كاتێك كۆمیدیا بە سادەیی پەیامی خۆی دەگەیەنێت، بۆ ئەوەیە زوو ئەو پەیامە بە زۆرترین كاریگەرییەوە بە خەڵك بگەیەنێت، هەروەها لە پشت ئەم سادەیییەوە دونیابینی و فەلسەفەیەكی ڕادیكاڵ بۆ گۆڕانكاری هەیە، بەڵام لە ئەدەب و هونەری كوردیدا كە ئەمڕۆ كۆمیدیا دەگەیەنێت، سادەیی هەیە سادەیییەك بەڵام بێ ئەم دونیابینی و فەلسەفە ڕادیكاڵە بۆ گۆڕانكاری، ئەو كاراكتەرانەی وەك كەسێكی گەمژە خۆیان نماییش دەكەن، گەمەكارێكی وریا و لێهاتوو نیین و لە ژێر پەردەی گەمژەیییەوە و بە جووڵە و ڕەفتاری ساویلكانەوە دژی جیهانێكی ناشیرین ناوەستنەوە.

## كۆمیدیا و گەشاندنەوەی دزێوییەكان:

لەبەر ئەوەی دزێوی و كاری چەوتی مرۆڤ و كۆمەڵگا و نادادی و گەندەڵیی سیستمی فەرمانڕەوایی دەبنە بابەتی كۆمیدیا لە ئەدەب و هونەردا، زۆر جار ئەگەر بە هۆشیارییەوە ئەم پرۆسەیە بە ڕێوە نەچێت، ئەوا ڕۆڵی كۆمیدیا تەواو پێچەوانە دەبێتەوە، ئەویش لە جێی ئەوەی ئەم ڕەخنەگرتنە سنور بۆ ئەو دیاردە و گەندەڵی و نادادییانە دابنێت و ببێتە هۆی كەمكردنەوە یان كۆتایی پێ هێنانیان، كەچی ئەو دیاردانە هەر لە برەودا دەبن و زۆرتر دەبن، كۆمیدیا دەبێتە هۆی گەشاندنەوەی دزێوییەكان، ئەویش بە هۆی ئەوەی ئەم بابەتانە بوونەتە هۆی پێكەنین و هەر ئەمانیش دەبنە تاكە سەرچاوەی پێكەنین، لێرەدا پێكەنین و ناشیرینییەكان بە ڕایەڵێكی توند بە یەكەوە گرێ دەدرێن، ئەو كات لە پێناو ئەوەی ئەو ئەدەب و هونەرە بابەتی كۆمیدیایان لێ نەبڕێت، بە جۆرێك كەرەستەكانیان بە كار دەهێنن، كە هەرگیز ئەوەی ڕەخنەی لێ دەگرن، نەك بنبڕ نەبێت، بەڵكو لە پێناو كارەكەی خۆیاندا هەمیشە لە زیادبوون و گەشەكردندا بێت، ئەم حاڵەتەیش سایكۆلۆژیایەك دروست دەكات كە مرۆڤ هەمیشە ئەوەی ڕەخنەی لێ گرتوە بیری بچێتەوە و دیسانەوە هەمان دزێوی و ناشیرینی بەرهەم بێتەوە،



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەروەها ئەوەیش لە نەستی کۆمیدیاگێڕان و وەرگرانیدا زاڵ و بەهێز دەکات، کە هەمیشە لە پێناو ئەوەی بابەتی کۆمیدیا زۆر و گەرم بێت، دزێوی و کاری چەوتی مرۆڤ و کۆمەڵگا و نادادی و گەندەڵیی سیستمی فەرمانڕەوایی نەك هەر کۆتاییان پێ نەیەت، بەڵکو زۆرتر بن و لە گەشانەوەی بەردەوامدا بن.

## کۆمیدیا و جیدییەت:

لە کۆمیدیای ڕاستەقینەدا پەرۆشی و جیدییەت هەیە نەك فەرامۆشی و ناجیدییەت، ڕاستە جیدییەتێك هەیە لە سیستمی سەرمایەداری، ئەو سیستمەی بەهای مادی لە بەهای مرۆڤ و مەعنەوی بەرزتر و پەسەندتر ڕادەگرێت، ئەویش جیدییەتێکە کە مرۆڤ دەکاتە کەسێکی ئامێری، کە دەبێت چرکە بە چرکە بێ خۆمەشغوڵکردن و کاتبەفیڕۆدان کۆنترۆڵ بکرێت و بەردەوام کار بکات، ئەرکی کۆمیدیایە ئەم جۆرە جیدییەتە هەڵبوەشێنێتەوە یان ببێتە مەترسی بۆ سەری، ئەمەیش ڕاستە بە پێوەری ئەو سیستمە بە جۆرێك لە ناجیدییەت لێك دەدرێتەوە، بەڵام ئەم ناجیدییەتە وزەیەکی ڕادیکاڵ بۆ دژوەستانەوەی تێدایە، کە دوا جار بە پێوەری تر لە کۆمیدیای ڕاستەقینەدا بە جیدییەت سەیر دەکرێت.
پێویستە کۆمیدیا لێرەدا جۆرێك لە بەرەنگاری و دژوەستانەوە بێت بە ڕووی ئەو سیستمەی کە دەیەوێت مرۆڤ لە مرۆڤایەتی بخات و زۆر جیدی و گوێڕایەڵ بێت و تەنها بۆ بەرژەوەندیی ئەو وەك ئامێر و ڕۆبۆت کار بکات، نەك کۆمیدیا بێت گاڵتە بە بەهاکانی مرۆڤ بکات و مرۆڤ لەو دونیایەی هیچ بەهایەکی تێدا نامێنێت و گاڵتەی بە هەموو پێوەر و یاساکان بێت سەرگەردان بکات، ئەوە کۆمیدیای ساختەیە کە لە بەر ئەو جیدییەتەی سیستم، جۆرێك لە ناجیدییەت بەرهەم دەهێنێت، کە دیسان دەچێتەوە خزمەت ئەو سیستمە، ئەویش بەوەی کە هەموو شتێك فەرامۆش دەکات و بایەخ بۆ هیچ کارێکی سیاسی و ڕێکخستن و پەرۆشیی بۆ ژیان ناهێڵێتەوە و تەنها بە ناجیدییەتی خۆی، سیستمەکە وەك خۆی و بێ مەترسی دەپارێزێت.

## بەرهەمهێنانی ڕاسیسزم:

گەر ڕووی ڕەخنە لە کۆمیدیادا لە سیستمێك نەبێت کە بوەتە سەرچاوەی دزێوی و نادادییەکان، ئەگەر ڕەخنە بە کەناڵی ڕەخنەلەخۆگرتندا نەڕوات، ئەوا هیچ دوور نییە ئەویترێك بکاتە بابەتی ڕەخنە کە بریتیی بێت لە خەڵکی شارێکی تر، یان خەڵکی لادێ، یان کەسانی بەتەمەن، یان دەستە و گرووپی تر لە پیشە جۆراوجۆرەکان یان نەخوێندەواران یان کەسانی تایبەتمەند لە بوارێکدا، ئەوەیش ڕاستەوخۆ دەپەڕێتەوە بۆ بێبەهاکردنیان و کردنی بە بابەتی گاڵتەجاڕی و لە ئاستی هۆشیاریی باو دەیانهێنێتە خوارەوە و بە کەسانێك یان خەڵکانێکی نەفام یان گێل و ساویلکە دەیانناسێنێت، ئەم پرۆسەیەیش جگە لەوەی هیچ لە دۆخی ڕۆشنبیری بەرەو پێش نابات و لە ئامانجە ڕاستەقینەکانی کۆمدیایش دوور دەکەوێتەوە، هاوکات مەترسیی لەوەدایە، جۆرێك لە ڕاسیسم دروست دەکات، (ڕاسیسم تیۆرییەکی دژی زانستی و کۆنەپەرستانەیە، کە لە ناو ڕەگەزە جۆربەجۆرەکاندا لە ڕووی ژمارە و دەسەڵاتی فیکرییەوە نابەرابەرییان دەوێت، گوایە سروشت لە سەرەتاوە ئەم ڕەگەزانەی نایەکسان،


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

واتە یەکێك بەرز و یەکێك نزمی دروست کردوە.)[14] ئەو ڕاسیزمەی لێرەدا کۆمیدیای ساختە بەرهەمی دەهێنێت، بریتییە لە ئایدیۆلۆژیایەك بۆ پەراوێزخستن و بە کەم و سوك تەماشاکردنی کەسانێك یان خەڵکانێکی دیاریکراو کە دەکرێنە کەرەستەی کۆمیدیا، بۆ نموونە ئێمە لە سلێمانی (ئەو شەپۆلی نوکتەیەی ڕۆژانە بەر گوێمان دەکەوێت لە سەر هەولێری، هیچ شتێکی تر نییە جگە لە کۆششی گروپێك کە بە شوێن پاراستن و پاکراگرتنی وێنەکانی خۆیەوەیەتی لە بەرانبەر ئەوی دیدا.)[15] پاکڕاگرتن و بە عاقڵ و زیرەك تەماشاکردنی خۆ و بە پیس و ساویلکە و تەمبەڵ سەیرکردنی بەرامبەر، هێندەی وەهمێکە و ئەوەی بەو شێوەیە دەڕوانێت هەر ئەو دروستی کردوە و پێگەیەکی ڕاستی و زانستی نییە و دەستکردی خەیاڵەکانی کەسانێك، یان خەڵکانێکن کە بە پێگە و شوێن و زمان و باری گوزەرانیان دەنازن و بە چاوی نزم سەیری ئەوانی تر دەکەن، بێگومان ئەمەیش بۆ خۆی ڕاسیسمە (زانست و تاقیکردنەوە ئەوەی سەلماندوە کە جیاوازیی نێوان ڕەگەزەکان شتێکی ڕووکەشە و لەڕووی گەشەکردن و ئامادەبوون و توانای فیکری و مەعنەوی و چالاکیی کۆمەڵایەتی و زانستییەوە هیچ ئەهمییەتێکی نییە.)[16]

هەر سەرەبات بە کردنە بابەتی خەڵکی ئەم شوێن و ئەو شوێن لە نوکتەی کوردیدا لەوێشەوە بۆ بەرهەمی کۆمیدیا پێویستە بڵێین (ئەم شەپۆلی نوکتەیەی کە ئێمە ڕۆژانە بەر گوێمان دەکەوێت و قارەمانەکەی هەولێرییە، ئەو هەولێرییەی کە لە واقیعدا بوونی نییە و دەستکردی خەیاڵە، لە دوا ئەنجامەکانی خۆیدا لە سەر کاڵکردنەوەی هەستی ئێمە بەرانبەر ئینسانە واقعییە هەولێرییەکەدا کاریگەری دادەنێت. واتا هەولێری فەنتازیای ناو گوتاری هەولێری، بۆ لەپەراوێزنانی هەولێریی ناو واقیعە. بۆ بڕینی تەواوی پەیوەندییەکانی هاودەردی و هاوپشتیی نێوان ئێمەیە وەك ئینسان.)[17]

## نوکتە و کۆمیدیا :

پێشتر و لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا نووسیمان، کە نوکتە دیارترین و بەهێزترین هۆکاری بەرهەمهێنانی پێکەنینە و ئامانجی سەرەکیی ڕەخنەیە و دەروونناسانیش دەڵێن نوکتە بەشدارییەکی باشی هەیە لە ڕەواندنەوەی غەمی تاك و ڕزگاربوونی لەو کێشانەی ڕۆژانە تێی دەکەون، هەروەها نوکتە بە زمانێکی سادە و بە ڕستەیەك یان چەند ڕستەیەکی کورت بیرۆکەیەك دادەڕێژێت، بێگومان ئەو چەند وشە کورتە هەڵگری بیرێکی چڕوپڕن، بەڵام دیارترین و بەهێزین هۆکاری بەرهەمهێنانی کۆمیدیا نییە بەڵکو دەکرێت ببێتە

---

[14]- بورهان قانع ، زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، چاپی دوەم ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٥٥.

[15]- بەکر ئەحمەد، هەولێری گوتارێك بۆ داشۆرین و گاڵتەپێکردن یان ئاوێنەیەك بۆ لەخۆڕوانین، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (١٦-١٧) لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٧٩.

[16]- بورهان قانع ، زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ ، ل٥٥.

[17]- بەکر ئەحمەد، هەولێری گوتارێك بۆ داشۆرین و گاڵتەپێکردن یان ئاوێنەیەك بۆ لەخۆڕوانین، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (١٦-١٧) ، ل١٧٩.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

چاوگێکی بچوك بۆ کۆمیدیا، ئەو کۆمیدیایەی نوکتە دەکاتە دیارترین و بەهێزین هۆکاری بەرهەمهێنانی، بە دڵنیاییەوە کۆمیدیایەکی ساختەیە، چونکە زمانی نوکتە بە زۆری زمانی ئارەزووە چەپێنراوەکانی مرۆڤە، هەمیشەیش ئەوەی نوکتە دەکات خەڵکانی تر دەکات بە بابەتی نوکتە و زۆر جار ڕەگەزێك یان خەڵکی شوێنێکی دیاریکراو یان پێکهاتەیەکی کلتووری یان خەڵکانی لادێ یان بەتەمەن دەکاتە بابەتی گاڵتەجاڕی، لە نوکتەدا هەرگیز بابەتی ڕەخنەلەخۆگرتن لە ئارادا نییە، سیستم و دەسەڵاتی نادادپەروەر بە کەمی دەکەونە بەر نەشتەری نوکتە، بۆیە ئەو پێکەنینەی نوکتە دروستی دەکات پێکەنینێکی قووڵ نییە ناتوانێت دۆخی وەستاوی عەقڵێکی دۆگما بجوڵێنێت و بەرەو گومان و ڕامانی بەرێت.

## کۆمیدیا و پێکەنین:

بێگومان پێکەنین هێمای شادی و کەیفخۆشییە، بەڵام لە کۆمیدیادا جەستە و ئەقڵ گوزارشتی لێ دەکات، بزەو پێکەنین لەگەڵ شادیدا ئارەزوون بۆ هۆشیاری و مەعریفە، لە کۆمیدیادا ئەوەی وەرگر دەخاتە پێکەنین پرۆسەیەکە کە برتییە لە ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنەوە و ڕەخنە و خۆدادگایی کردن، بەڵام لە کۆمیدیای ساختەدا پێکەنین تەنها لە ئاستی ڕووکەش و ڕواڵەتدا دەردەکەوێت، ناگاتە پنتی هۆشیاری و عەقڵ، خەندە هیچ تینوێتییەکی تێدا نییە بۆ مەعریفە، پرۆسەی خستنە پێکەنین بە ڕێڕەوی ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنەوە و ڕەخنە و خۆدادگایی کردن تێ ناپەڕێت.

پێکەنین ئاوێنەیەکە بۆ لە خۆڕوانین و لەوێوە بۆ تێپەڕاندنی خود، خەندە گوزارشتە لە خۆشەویستی بۆ ژیان و عەشقە بۆ زیندەگی، پێکەنین ڕۆح و جەستەی مرۆڤ لە باوەشی خۆخواردنەوە دەردەهێنێت بە بەها و بیرکردنەوە و ڕوانینی تر ئاشنای دەکات، بەڵام لە کۆمیدیای ساختەدا کە بەشێکی زۆری ئەدەب و هونەری ئەمڕۆی کورد بەرهەمی دەهێنێت، پێکەنین ئاوێنە نییە بۆ لە خۆڕوانین و لەوێوە بۆ تێپەڕاندنی خود، بەڵکو بۆشاییەکە بۆ خۆونکردن و دواتر بۆ خۆدووبارەکردنەوە و کۆنبوون، خەندەی بەرهەمی کۆمیدیای ساختە بەناچاری ژیانە نەك خۆشەویستی بۆ ژیان، ڕۆح و جەستەی مرۆڤ لە دوای هەر تریقانەوەیەك دەچنەوە ناو باوەشی خۆخواردنەوە و نائومێدی و پانتایی بیرکردنەوە و ڕوانین کرژ دەبێتەوە و ناکشێت.

## زمانی کۆمیدیا:

زمانی کۆمیدیا سادەیە، بەڵام خاڵی نییە لە ئیستاتیکا، ساکاریی زمانی کۆمیدیا لەوەوەیە کە بە شێوەیەکی بەرز گوزارشتی هونەری بگەیەنێت، بەڵام لە کۆمیدیای ساختەدا سادەیی زمان کراوەتە بەهانەیەك بۆ بەکارهێنانەوەی هەمان زمانی میللیی پڕ لە دەستەواژە و فۆڕم و گوزارشتی ناهونەری و نائەدەبی، کە زۆربەیان لە ڕووی پەروەردەیی و ڕەوشتییەوە ڕۆڵێکی ئێجگار نێگەتیف دەگێڕن، ئەویش بە برەودان و ئاساییکردنەوەیان و خستنە سەر زاری هەموو کەسێك تەنانەت بە منداڵانیشەوە.

زمانی سادەی کۆمیدیا، زمانی پڕ لە دەستەواژە و فۆڕم و گوزارشتی میللیی ناهونەری و نائەدەبی نییە کە هیچ باکی بە پەروەردە و ڕەوشتی مرۆڤەوە نەبێت، بەڵکو ئەو زمانە مەجاز و میتافۆڕ و هونەری ڕەوانبێژیی خۆی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەیە کە ئاستی ئیستاتیکیی دیاری دەکات، هەر ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەو توانایەی لە خێرایی گەیاندنی بە وەرگر، نەك هەر ئەو جنێو و دەستەواژە باوانەی ناو کۆمەڵگا دیسان بە وەرگر ببەخشرێتەوە، هەر ئەم زمانە سادەیە بەڵام بەرزە هونەرییە پردی پەیوەندیی وەرگر و ئەو ئەدەب یان هونەرە کۆمیدییەیە، خاڵییش نییە لە ڕەهەندی فەلسەفی.

## کۆمیدیا و فەنتازیا:

فەنتازیا ڕەگەزێکی دانەبڕاوە لە کۆمیدیا، کۆمیدیا بە بێ فەنتازیا ناتوانێت کار بکات و پەیامی خۆی بگەیەنێت، بەڵام لە کۆمیدیای ساختەدا کۆمیدیا بە بێ فەنتازیا پێشکەش دەکرێت، یان بە فەنتازیایەکی وەك خۆی ساختەوە دێتە دەر، بۆیە ئەو جۆرە کۆمیدیایە ناتوانێت ببێتە جێگەی مەترسی بۆ ئەو واقیعەی ڕەخنەی لێ دەگرێت، چونکە ناتوانێت هیچ کەلێنێك لە واقیعدا دروست بکات، ناتوانێت بەو فەنتازیا لاوازەی خۆیەوە ئەوەی لە واقیعدا وەك حەقیقەتی موتڵەق خۆی سەپاندوە بخاتە ژێر پرسیارەوە و ئەوەی خۆی کردوە بە فەرمانڕەوا لە ژیاندا و خۆی کردوە بە ئەزەلی و ئەبەدی، پایەکانی لەق بکات، هەر بۆیە جێگەی سەرسووڕمان نییە، کە زۆر جار ئەم جۆرە کۆمیدیایە لە ڕاگەیاندن و کەناڵ و دەزگاکانی ئەو سیستمەی نادادی و دزێوی بەرهەم دەهێنێت، برەو و ڕیکلام و گەشەی پێ بدرێت و پەخش و بڵاو بکرێتەوە و خودی ئەوانەی دروستکەری ئەو دزێویی و نادادی و گەندەڵییانەن کە ئەو کۆمیدیایە دەیانخاتە ڕوو، لە جیێی ئەوەی هەست بە مەترسی بکەن، کەچی بەو جۆرە کۆمیدیایە دەتریقێنەوە.

## بەرهەمهێنانی چێژ:

ڕاستە کۆمیدیا جۆرێك لە چێژ بەرهەم دەهێنێت، بەڵام خوێنەر یان وەرگر تەنها چێژ لەو شتانە وەرناگرێت، کە خۆی دەیانزانێت و حەز بکات بە فۆڕمێکی کۆمیدی وەریان بگرێتەوە، بەڵکو چێژی ڕاستەقینە لە کاری کۆمیدییەوە بریتییە لەوەی، لە پاڵ زەردەخەنەدا فراوانبوونی خەیاڵ و بیرکردنەوە ڕوو بدات، وەرگر کاتێك هەست دەکات چێژ لە بەرهەمێکی کۆمیدی وەردەگرێت، کە لەگەڵیدا ڕووبەری مەعریفەیشی فراوان دەبێت و چووەتە نێو دونیایەکی تر کە دونیابینی و تێگەیشتنی چالاك دەکات و توانای دیالۆگی تێدا دەڕسکێ و خۆیشی لە سەر نادادییەکانی سیستم دەبێتە خاوەنی دیدگا و ڕەخنە، توانای سەرکەشی و بەرەنگاریی تێدا دەتەقێنێتەوە، لێرەیشەوە چێژ لە هەڵچوونێکی کاتییەوە دەگۆڕێت بۆ پرۆسەیەك کە ئەزموون بکرێت و بەردەوام درێژ بکرێتەوە.

لە کۆمیدیای ساختەدا چێژ کاتییە، ئەوەی چێژی لێ وەردەگیرێت هەر ئەوەیە کە وەرگر خۆی دەیزانێت، بەڵام بە زۆر لە زمانێکی بە ناو کۆمیدییەوە هەڵکێشراوە. لە کۆمیدیای ساختە چێژ لە مەعریفە دابڕاوە و هەموو جۆرە چێژ وەرگرتنێك بێ کردنەوەی ئاسۆکانی ڕوانین و فراوانکردنی خەیاڵ و بیرکردنەوەن، بۆیە جگە لە پێکەنینێکی کاتی لای وەرگر، هیچ شێتێکی تر کە پەیوەندیی بە هۆشیارییەوە هەبێت دروست ناکات.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ئە نجام

ئەو ئەنجامگیرییانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێی دەگەین، بۆ بەدەستهێنانی جۆرێك لە هۆشیارین لە سەر هەر یەك لە (تەنز، توانج، جنێو، نوکتە وگاڵتەوگەپ) لە ئەدەبی کوردیدا، تا بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی چێتر ئەم بابەتانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و لە دایك ببن و بژین، بیشزانین لەکوێدا کۆمیدیان و لەکوێدا ناهۆشیارانە بە کۆمیدیادا هەڵواسراون، لێرەدا ئەو ئەنجامگیرییانە پێشبینی دەکرێت دەستمان بکەون، لەم خاڵانەدا کورت دەکەینەوە:

١-بابەتەکانی (تەنز، توانج، جنێو، نوکتە وگاڵتەوگەپ) لە ناو ئەدەبی کۆمیدیادا، تەنها بۆ پێکەنین و لە پێناو پێکەنیندا نیین، بەڵکو نووسینن بۆ مەبەستی ڕەخنەگرتن لە دیاردە خراپ و دزێوەکانی ناو کۆمەڵگا و سیاسەت و ژیانی مرۆڤ بە گشتی، بێ گومان ئەویش لە ڕێگەی زمانێکی کۆمیدییەوە، بۆ ئەوەی هیچ یان کەمترین توندوتیژی و بەریەککەوتنێکی ڕەق لەگەڵ ڕەخنەلێگیراواندا دروست نەبێت، ئامانج لێرەدا گواستنەوەی خوێنەر و لە ئاستێکی باڵاتردا کۆمەڵگایە لە ناهۆشیاری و جۆرێك لە گێلێتییەوە بۆ هۆشیاری و ئاگادارییەك لەو دیاردە دزێوانە، هەروەها ئەو زمانە کۆمیدییەیش کە بەکاردەهێنرێت، زمانێکی میللی و سادە نییە، کە وا تێگەییشتووین کۆمیدیا ئەمەیە، بەڵکو لە هەمووی گرنگتر، زمان ئەرکی خۆی ون ناکات، زمان لە هیچ نووسینێکدا، چ کۆمیدی بێت یان کۆمیدی نەبێت، ناچێتە ژێر باری ئەو هەڵە باوەی، گوایە بۆ زۆرترین خەڵك و تێگەییشتنە لە پانتاییەکی بەرین و فراواندا، ئەرکی زمان لە نووسینی بابەتی کۆمیدییشدا، تێکشکاندنی ئەو مانایانەیە، کە لە ئاستی واقیع و لە ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەماندا بۆ کۆمیدیا و پێکەنین هەمانن، لێرەدا هەڵەیەکی کوشندەیە، ئەو لەفزە ناشیرین و دەربڕینە میللییانە دیسانەوە لە (تەنز، توانج، جنێو، نوکتە وگاڵتەوگەپ) لە ئەدەبی کوردیدا بەکار بهێنرێنەوە، کە گوایە لە کۆمەڵگادا ڕەواجیان هەیە و بەکاردەهێنرێن، لە کاتێکدا زمانی کۆمیدیا لەبەر ئەوەی لە زمانی نووسینی تر زیاتر دەگاتە گوێی خوێنەر و زۆرترین خەڵك دەیبیستێت، دەبێت زمان و خەیاڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد تا ڕادەیەك پاك و هۆشیار و فراوان بکاتەوە، نەك کۆمەڵێك وشە و دەستەواژە و دەربڕینی میللی، گوایە خەڵك پێکەنینی پێیان دێت، دیسانەوە گەرم بکرێنەوە و زیندوو بکرێنەوە و بخرێنەوە سەر زار.

٢-ئەرکی ڕاستەقینەی (تەنز، توانج، جنێو، نوکتە وگاڵتەوگەپ) بە بارێکدا گواستنەوەی کۆمەڵگایە لە گێلێتییەوە بۆ جۆرێ لە هۆشیاریی لەسەر ئەو دیاردە دزێوەی لێوەی دەدوێن، ئەم گواستنەوەیەیش بە پێکەنینەوە بەڕێوە دەچێت، دواجار پێکەنین جۆرێك دەبێت لە کرانەوە و چێژ لە زانین، بەڵام بە داخەوە (تەنز، توانج، جنێو، نوکتە وگاڵتەوگەپ) لە ئەدەبی کوردیدا، تەواو ئەرکێکی پێچەوانەیان هەیە، ئێمە پێش ئەم نووسینانە، خۆمان جۆرێك لە هۆشیارییمان لەسەر ناشیرینیی مرۆڤ و کۆمەڵگا و نادادیی مرۆڤهەیە، کەچی (تەنز، توانج، جنێو، نوکتە وگاڵتەوگەپ) لە ئەدەبی کوردیدا، کاریگەریی ئەم هۆشیارییە، بۆ دروستکردنی جۆرێك لە کردار و بەرپەچدانەوەی ئەو ناشیرینی و نادادی و خراپەکارییانە دەگۆڕێتەوە بە پێکەنینێکی هەرزان و دروستکراو و بێتام لەسەر ئەو دیاردانە، واتە کۆی هۆشیارییمان تەنها پێکەنینێکی هەرزان و سەرپێیی بەڕووی ئەو دیاردە ناشیرین و ڕەخنەلێگیراوانەدا دروست دەکات. پێکەنین لەبریی چێژێکی ڕۆحی، دەبێتە



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پرۆسەیەکی خۆخاڵیکردنەوەی ڕق و بێزاریمان لە ئاست ئەو دیاردە دزێوانە، ئاکامە سلبییەکانی ئەم حاڵەتە ترسناکەیش زۆرن، کە لێرەدا چەند خاڵێکیان دەخەمەڕوو:

أ-کۆی ئەو دیاردە دزێو و ناشیرینانەی، (تەنز، توانج، جنێو، نوکتە وگاڵتەوگەپ) لە ئەدەبی کوردیدا، بە حیساب ڕەخنەیان لێ دەگرێت، وەك کەرەستەی پێکەنین ڕەواجیان پێ دەدرێت، ئیتر لێرەوە ئەم دیاردانە وەك حاڵەتێکی ئاسایی دێن و تێپەڕ دەبن و بگرە وەك ڕۆتینیش بەردەوام ڕوودەدەنەوە.

ب-(تەنز، توانج، جنێو، نوکتە وگاڵتەوگەپ) لە ئەدەبی کوردیدا، ڕێگە لە قووڵبوونەوەی هۆشیاریی کۆمەڵگا دەگرن لەسەر دیاردە دزێوەکان، ئەویش بەوەی بە جۆرێك لە خۆخاڵیکردنەوە بەهۆی پێکەنینێکی دەستکردەوە، ئەم هۆشیارییە دەگۆڕێت بە گێلێتیی و ستاییشێکی نائاگاییانەیش بە بکەری دیاردە دزێوەکان، بەوەی بوونەتە هۆی پێکەنین، چونکە پێکەنین هێمایەکی دڵخۆشییە.

پ- ئەو زمانە میللییەی گوایە زمانی کۆمیدیایە، هونەریش سادە و بێ ئەرزش دەکات، ئەویش بەوەی کاتێك ئەم جۆرە بابەتانە لە سیناریۆی فیلم و دراما و شانۆ ... هتد کەڵکیان لێوەردەگیرێت، کۆمەڵێك ئەکتەری بێ مەعریفە و بازاڕی دەکاتە کەڵە هونەرمەندی کۆمیدی و ناوبانگ دەردەکەن، لە کاتێکدا بچوکترین هۆشیارییان نە لەسەر هونەر و نە لەسەر کۆمیدیا و، نە لەسەر فیلم و دراما و شانۆ ... هتد نییە. ئەمانە بەوە دەبنە پاڵەوانی ئەم بوارە، چونکە ئەو زمانە میللی و بازاڕییەی تێکستەکەی پێ نووسراوە، نزیکە لە جووڵە و هەڵسوکەوت و قسەکردنی ئەمانەوە لە کۆمەڵگادا، ڕۆژانەیش دەبینین لەسەر تەختەی شانۆ و سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە، مەهزەلە و کاری ئاست نزممان بە کاری هونەریی بەرز بەسەردا ساغ دەکەنەوە و کەسانی وەهایش بوونەتە ئەکتەر و هونەرمەندی بەناوبانگ، کە وشەیەکیان لەسەر هونەر نەخوێندوە و نەخوێندۆتەوە.

ت- خاڵێکی تر لە ئاکامە خراپەکانی (تەنز، توانج، جنێو، نوکتە وگاڵتەوگەپ) لە ئەدەبی کوردیدا، پچڕانی تەواوەتی ئەو ڕایەڵەیە، کە لە نێوان پێکەنین و فەنتازیای جوانیدا هەیە، ئەو بابەتە خراپانەی لای ئێمە باون، بەشێوەیەکی توند و حەیاتی و لە ئاستی پەیوەندییەکی بەناویەکداچوو و حاشاهەڵنەگردا، ناشیرینی و دزێوییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا و دەسەڵاتییان بە پێکەنینەوە گرێداوە. نیعمەتی پێکەنین کە وزەی ژیان لە مرۆڤدا بارگاویی دەکاتەوە، لەسەر زەمینی جوانی تەرە دەکات و دەیکاتە پاشکۆی ناشیرینییەکان، هەر بۆیە لە ژیانی واقیعدا دەبینین زۆر کەس هەرچەند هەزەلی و قسەخۆشن، بەڵام قسەخۆش و کۆمیدییەکانیان دەچنە خانەی فشقیات و گاڵتەجاڕی بە دونیا و لە ئاستی کەسێتی و لە ئیشوکار و لە پەیوەندییان بەوانی تریشەوە، کەسانی تەواو خراپ و زەرەرمەندن.

ج- خاڵێکی تر لە ئاکامە نێگەتیفییەکانی (تەنز، توانج، جنێو، نوکتە وگاڵتەوگەپ) لە ئەدەبی کوردیدا، ئەو ڕۆڵە خراپەیە کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە دەیگێڕن، ئەویش بەوەی بۆ لایەنی بەرپرس و دەسەڵاتداران و نەریتی باڵادەستی کۆمەڵگا دەبنە خێر، ئەو ناشیرینی و نادادییانەی دەسەڵاتداران و نەریتپارێزان دروستیان کردوە، لە بریی بەرکەوتنی توند لەگەڵ خەڵکدا دروست بکات و، بەر بە کارە ناشیرینەکانیان بیگیرێت، کەچی لە ڕێگەی گۆڕینی ڕەخنە و ناڕەزایی خەڵك بۆ کۆمەڵێك دەربڕینی کۆمیدی و خستنە


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پێکەنینی مرۆڤ لە ئاست ئەو ناشیرینی و نادادییانەدا، لەو لاوە دەسەڵاتداران ونەریتپارێزانی کۆمەڵگا وەك هێمای خۆشی و بەپێکەنینهێنانی خەڵك و لەو لاوە دیاردە دزێوەکانیش بەردەوام دەبن و زیاتر پەرەدەسەنن، لەم لایشەوە بیرکردنەوەی جیدی و وزەی بەرپەچدانەوەی ڕاستەقینە لای خەڵك بەرامبەر ئەو کارە دزێوانە دەمرێنن.


سەرچاوەکان

**أ- بەکوردی :**

١. ئیدریس عەبدوڵڵا (د.)، ئەدەبی میللیی و فۆلکلۆریی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٤.

٢. بورهان قانع، زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، چاپی دوەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٣. جەبار ئەحمەد حسێن (د.)، بینای ساتیرا لە کورتەچیرۆکی کوردیدا کوردستانی عێراق (١٩٧٠-١٩٩٠)، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٢.

٤. حەمەسەعید حەسەن، هونەری نووسینی چیرۆك، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

٥. حەمەسەعید حەسەن، کاریکاتێر بە وشە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

٦. گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (١٦-١٧) لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

**ب- بە عەرەبی :**

١. أرسطو، الخطابة، ت: د.عبدالرحمن بدوي، دارالؤشيد للنشر، مطابع الرسالة، بغداد، ١٩٨٠.

٢. ثيير آضية تووشار، المسرح وقلق البشر، ت: د. سامية احمد اسعد، الهيئة المصرية العامة للتاليف والنشر، مطبعة الثقافة، ١٩٧١.

٣. زكريا ابراهيم (د.)، سيكولوجية الفكاهة والضحك، دار مصر للطباعة.

٤. لطفي فام (د.)، المسرح الفرنسي المعاصر، الدار القومية للطباعة والنشر، ١٩٦٤.




کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**المستخلص**

يحاول هذا البحث الادبي النقدي الموسوم (الكوميديا الزائفة في الادب الكوردي: بيان مستويات انفصال واختلاط الكوميديا بالسخرية والبذاءة والطرفة والمزحة)ان يعرض موضوعات السخرية والبذاءة والطرفة والمزحة في الادب الكوردي عرضا اكاديميا. ويهدف البحث من خلال دراسة وتقييم هذه الاجناس الادبية ان يحدد مدي امكانية تصنيفها بالكوميديا. مما يلا حظ في الادب الكوردي ان البعضمن ا دب الكوميديا هو نتاج لهذه الاجناس دون الاخذ بنظر الاعتبار المعايير الاكاديمية للكوميديا. وكما تتحري هذه الدراسة ان تشخص الامور السلبية الناتجة عن استخدام الاجناس المشار اليه آنفا. وفي ضوء الاهداف التي حددها البحث، تم انتقاء مجموعة من الاعمال الادبية من شعر ونثر وقصة ورواية لغرض الاستقصاء، فضلا عن سبر غور عدد من الحكايات والامثال والسير والمذكرات لتحقيق استقصاء اكثر شمولية وضمان ابتسامة اعرض.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

This literary critical paper, entitled “False Comedy in Kurdish Literature: Identifying the Levels of Individuality and Mixture of Comedy with Irony, Swearing, Joke and Fun”attempts to academically introduce *irony*, s*wearing*, *jokes*, and *fun* in Kurdish literature. By investigating and evaluating these genres, it can be possible to determine to what extent they can be categorized as true comedy. Moreover, the study identifies the characteristics of comedy as a literary genre. In Kurdish literature, some comedy is produced from irony, swearing, and jokes without considering any sort of academic or professional standards of the genre of comedy. Throughout this work, all the negative points resulted from using the techniques mentioned above are indicated. In the light of the aims of the study, a number of Kurdish literary texts- poetry, short story, and novel- are investigated. Also, puzzles, proverbs, tales, biographies, and memories are explored to secure a more comprehensive investigation and a broader smile.


كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)